# لةماركسةوة بؤ ب . ف ئينينكؤظ

## بروكسل 28 ديسةمبةري 1846

**و: زةردةشـــت**

بەرێز ئینینکۆڤ

پێویست بوو وەڵامێکت پێ بگات سەبارەت بەو نامەیەی کە (لە تشرینی دووەم بەدەستم گەیشتبوو, بەڵام ئـەو کتێب فرۆشـەی من مامەڵەی لەگەڵ دەکەم لە هەفتەی رابوردوودا پەرتوکەکەی (برودون)ی بۆ رەوان کردم کە لەسەر (فەلسەفەی هـەژاری)یـە, لەماوەی دوورۆژدا خوێندمەوە, بۆ ئەوەی رای خۆمت پـێ بلـێم سـەبارەت بـەم پەرتووکـە, بـەڵام لەبەرئـەوەی زۆر بـەخێرای خوێندمـەوە نـاتوانم بەتێروتەسـەلی رای خۆمـت بـۆ دەربـڕم, بـەڵام دەتـوانم لـەو مۆرکانـە ئاگـادارت بکەمـەوە کـە بـەجێی هێـشتووە لەسـەرم, ئەگـەر مەبەسـتتە ئـەوا دەتـوانم لەنامـەی

**هەموو هێزێكی بەرهەم هێنان بریتیە لەهێزێكی داواكراو كە ئەویش بەرهەمی چالاكیەكانی پێشووە**

دووەمـــدا بـــەتێرو تەســلی نـــاوەرۆكی كتێبەكـــەت بـــۆ روون بكەمەوە.
ســەرەتا پێویــستە دان بــەوەدا بنــێم كــە ئــەم كتێبــە بەگشتی لەرووی ناوەرۆكەوە زۆر لاوازە, تۆش لەنامەكەتـدا پێكـەنینت بـــەبیرو بـــۆ چـــوونەكەی (بـــرودون) دێـــت ســـەبارەت بـــە "پینەكردنی فەلسەفەی ئەڵمانی" كە لە كتێبەكەیدا دەیخاتە روو بەجۆرێك كەهیچ شێوەیەكی نییە. هەروەها تۆپێت وایە كە توێژینەوەی ئابووری كاریگەری نییە بەتینێكی فەلسەفی.
منیش بەهەمان شێوە جەخت لەسەر هەڵەكانی فەلسەفەی (بـرودون) دەكەمـەوە لەسـەر توێژینـەوەی ئـابوری, بـرودون رەخنەیەكی پڕووچمان پێشكەش ناكات سەبارەت بە ئابووری رامیاری, چونكە ئەو خاوەن تیـۆرێكی فەلـسەفی بێ بەهایـە, لەهەمان كاتدا سەركەوتوو نییـە لـە تێگەیـشتنی بـۆ شـێوازی كۆمەڵایەتی ئێستا كە لە تەوەرەكانیدا بەدیار دەكەوێت "ئەم وتەیەش برودون (لەفورییە)وە وەریگرتووە".
بۆ برودون باس لەخودا دەكات و لەسەر راستی رەهاو راستی مرۆیی تاكەسی كە هەرگیز هەڵە ناكاتو بـەردەوام لەهـەموو ســەردەمەكاندا چـــوون یـــەكی خـــودی خـــۆی بـــووە؟ هـــەموو كەسـێك پێویـستی بـە ویـژدانێكی زینـدوو هەیـە بـۆ ناسـینی راســتییەكان, یــاخود بــۆ دەگەرێتــەوە بــۆ تیــۆرە لاوازەكــەی هگێـــل؟ بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو بیرۆكـــە بـــەخۆی ببەخـــشێت كـــە بیرمەندێكی بەتوانایە.
بــرودون پێــشرەویت دەكــات بــۆ كلیلــی نهێنیەكــەی! ئــەو وادەبینێــت كــە مێــژوو بریتییــە لەكۆمــەڵێك پەرەســەندنی كۆمەڵایــەتی, هــەروەها پێــشكەوتن لەمێــژوودا بــەدی دێــت. لەكۆتاییدا ئەوە دەخاتە روو كەمرۆڤەكان وەك تاكێـك نـەیان دەزانی چی دەكەن, چونكە لەتێگەیشتنیجولەو كرداریانـدا هەڵــەبوون, واتــە پەرەســـەندنی كۆمەڵایـــەتییان جیـــاوازو سەربەخۆو نوێیە لە پەرەسەندنی تاكیان. ئەو لەگەڵ ئـەوەی

ناتوانێت ئەو راستییانە شیبکاتەوە, بەم شێوەیەش تیۆرێك دەخاتە روو كە راستی رەها لەخۆ دەگرێت بەم جۆرەش خودی خۆی ئاشكرا دەكات. هیچ شتێك لە داهێنانی كاری خەیاڵی ساناتر نییە واتە داهێنانی دەق‌و برگەی بێ چێژو واتا.

بەلاّم كاتێك برودون ئەوە پەسەند دەكات كەهیچ تێگەیشتنێكی نییە سەبارەت بە پەرەسەندنی مێژوویی مرۆیی ئەم پەسەند كردنەش بەبەكارهێنانی وشەی بەناوبانگ دەخاتە روو, وەك: راستی جیهانی, خودا هتد..بەلاّم لەهەمان كاتدا ئەوە رەت دەكاتەوە كەتوانای نەبێت لەتێگەیشتنی ئابووری.

كۆمەڵگە چییە شێوەكەی هەرچۆنێك بێت؟ كۆمەڵگا بەرهەمی كارە هاوشێوەكانی خەڵكە ئایا خەڵك ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوەیەدا یاخود, ئەو شێوە كۆمەڵگایە بۆ خۆیان؟ ئەمەش گومانی تێدا نییە. تێبینی رەوشێكی تایبەت بكە لە پەرەسەندنی هێزی مرۆیی شاراوە, كە بەشێوەیەكی تایبەت لە بازرگانی‌و بەكارهێناندا دەردەكەوێت‌و روودەدات, بروانە پلە تایبەتەكانی پەرەسەندنی بەرهەم هێنان‌و بازرگانی‌و بەكارهێنان, كەبۆتە هۆی دەستەبەری پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی هاوشێوەی رێكخستنێكی هاوشێوەی خێزان‌و سیستەمی چینایەتی بە وشەیەكیش گەیشتن بە كۆمەڵگایەكی مەدەنی هاوشێوە؟ بڕوانە كۆمەڵگایەكی مەدەنی دیاریكراو كە رەوشێكی رامیاری فەرمی تێدا بەرجەستە دەبێت, كە زاراوەیەكن گوزارشت لە كۆمەڵگەی مەدەنی دەكەن, برودون لەمە نەگەیشتووە لەبەر ئەوە پێی وایە كە بەكارێكی گەورە هەڵدەستێت, كاتێك دەوڵەت بۆ كۆمەڵگا دەگۆڕێت.

گونجاو نییە ئەگەر بڵێین خەڵكان لە هەڵبژاردنی هێزی بەرهەم هێنانیاندا ئازاد نین, كە بنەرەتی سەرجەم مێژووەكەیانە لەبەر ئەوەی هەموو هێزێكی بەرهەم هێنان بریتییە لەهێزێكی داواكراو كە ئەویش بەرهەمی چالاكیەكانی پێشووە. هێزی بەرهەم هێنان دەرئەنجامی چالاّكی مرۆیی واقعییە, بەلاّم ئەم چالاّكییە پەیوەندیدارە بەورەوشانەی كە مرۆڤ خۆی تێدا بەدی دەكات‌و پەیوەستە بەهێزی ئەم بەرهەم هێنانەی بەدەستیان هێناوەو ئەو پێكاهاتە كۆمەڵایەتییەش كەبوونی هەیە, بۆیە لەو رەوتە لانادەن ئەمەش بەرهەمەكانی لەپێشینە, بەهۆی ئەم واقعە سادەوە دەبینین كە هەرنەوەیەكی هاتوو لەو چوارچێوەیەدا خۆی بەخاوەنی ئەو بناغەیەی بەرهەم هێنانە دەزانن كە نەوەكانی پێشوو بەدییان هێناوە. وەك كەرەستەیەكی بەهایی خزمەتی بەرهەم هێنانی پێدەكرێت ,لەبەرئەوە پەیوەستییەك هەیە لەگەڵ مێژووی مرۆیی مێژووی مرۆڤایەتی كە شێوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان وەردەگرێت. بەم پێیەش مێژووی خەڵكی كۆمەڵایەتی تەنها لەپەرەسەندنی تاكەكانەوە سەرچاوەی گرتووە. پەیوەندییە مادییەكان خەڵك

بنـەمای سـەرجەم پەیوەندییەکانیانـە. ئـەم پەیوەندییـە مادییانـەش بـریتیین لەشێوە پێویستییەکان, کەدەبێتە هۆی بەدەست هێنانی چالاکی تاك.
برودون نێوانی هزروشتەکان تێکەڵ دەکات, راستە خەڵك ئەو سوودەی بەرهـەمی دەهێن وەری ناگرن, بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە خۆ بەدەست ئەوشێوە کۆمەڵایەتییـەوە ئەدەن, کە لەچوارچێوەیدا هزرێکی بەرهەم هێنانی دیاریکراویان تێدا بـەدی هێنـاوە, بۆ ئـەوەی بەرهـەمی شار بـەفیرۆ نەچێت, ناچارن لـەو ساتەوەی کـە هاوسـەنگی نامێنێت لـەنێوان شـێوەکانی بازرگـانیو هێزەکـانی بەرهـەم هێنانیـان شـێوە کۆمەڵایەتیـەکانیان بگۆڕن.
من لێرەدا زاراوەی بازرگـانی بـەکاردەهێنم بـەواتا فراوانەکـەی, هـەر وەکو چۆن زاراوەی (vordehr) لەزمانی جێرمـانی بـەکاردێت, بۆ نمونـە: تایبەتمەندیـەکانو دامەزرانـدنی یـەکێتیو سـەندیکاو پیـشەییەکان سیـستەمی بـاو لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا هـەموو پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوونو یەکسان بوون بەهێزی بەرهـەم هێنـانی بـاو کـە دەزگاکـانی لێـوە هـەڵقولاون لـە سیـستەمی پارێزگـاری لـە هاوپـشتیو سـەندیکا پیـشەییەکان, سەرمایەکان کەڵەکە دەبوون, بازرگانی دەریایی گەشەی دەسەندو بووە هۆی سـەرهەڵدانی داگیرکەن, بەڵام بەرهەمی ئەو پیاوانـە, واتـە سـەرمایەدارەکان بـە بەستوویی‌و وەستایی دەمایەوە ئەگەر رێگرو بەربەستی ئەو شێوانە بوونایە کە ئـەو سەرچاوەی وەبـەرهانینی ئەو بەرهەمانە بوون.
لەسەر ئەم بنەمایە هەردوو شۆڕشـی سـاڵی 1640و شۆڕشـی 1688 تەقینـەوە, دەبینـین هەموو شێوازەکانی ئابووری کۆنو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی هاوسـەنگ لەگەڵێـداو پەیوەندییە رامیارییەکان گوزارشتێکی فەرمی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆن بوون, هەموو ئـەم شێوانە لە ئینگلتەرا رووخا.
بەم جۆرەش شێوەکانی ئابووری کە مرۆڤ بەرهەمی هێناوەو لە سایەی سێبەریدا کـرداری بەکارهێنانو ئاڵوگۆڕی ئەنجام دەدا, شـێوازی گواسـتراوەو مێـژوویی بـوون بـە دۆزینـەوەی کالاکانی بەرهەمهێنانی نوێ, خەڵکی جۆری بەرهەم هێنانەکەیان دەگۆڕن, بە پێی جـۆری ئەم بەرهەمهێنانە پەیوەندییە ئابوورییەکانیش گۆڕانکاریـان بەسـەردا دێـت, کـە ئـەویش پەیوەندییە تاکییەکانە بۆ ئەم جۆرە نوێیەی بەرهەمهێنان.
ئەمـەش بـرودون تێـی نەگەیـشتووەو روونـی نەکردۆتـەوە, بـرودون, نـەیتوانیوە شـوێنی راستیی بزاڤی مێـژوویی بکـەوێت, خـەیاڵاتی بەرهـەمهێناوەو نـاوی نـاوە بـە(دیالیکتیـك) هەسـت بـەوە ناکـات کـە پێویـستە بـاس لـە سـەدەکانی 17-18 بکـات, لەبـەر ئـەوەی

مێژووەکەی تێروپڕە لە خەیاڵ بنیادنراوە, لەسەر بۆشاییو کات, بە کورتی ئەمە مێژوو نییە بەڵکو هیگلی کۆنە, ئەوەش مێژووییەکی پیس نییە, مێژووی مرۆڤایەتی بەڵکو مێژووییەکی پیرۆزە, مێژووی هزرەکان, لەم دیدگایەوە مرۆڤ تەنها ئامێرێکەو هزری راستی هەمیشەیی بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی خودی بەدیار بخات, لەوەش دەگەڕێت کە برودون قسەیان لەسەر دەکات وەك ئەوەی پەرەسەندنێك بێت تەواو نابێت تەنها لە ناخی هزرێکی رەهاوە نەبێت, ئەگەر ئەو پەردەیە والا بکەین لەسەر ئەم سیفەتە سۆفیگەرییە ئەوا هیچ بەدی ناکەین تەنها ئەوە نەبێت کە برودون پێشکەشی کردووی لەسەر خودی سیستەمی کەرتە ئابوورییەکان کە لە هزریدا گەلاڵە بووە, داوای هەوڵی گەورەت لێ ناکەم کە بۆت بسەلێنم, ئەوە سیستەمێکی ئەقڵی شێواوە.

برودون لە کتێبەکەیدا سەرەتا بە شیکردنەوەی بەها دەست پێدەکات کە بابەتێکی بچووکەو ئەمڕۆ باس لەو بیرۆکە ناکەم.

شێوازەکان یاخود کۆمەڵە پەرەسەندنە ئابوورییەکان دەربارەی راستی رەها لە کار دابەشکردنەوە دەستی پێکردووە, کار (دابەشکردن)لای برودون بابەتێکی سادەیە.

ئایا سیستەمی دۆگماکان دابەش کردنێکی تایبەتی کارنەبوو؟ ئایا سیستەمی هاوپشتی دابەشکردنێکی کارنەبوو؟ ئایا کاردابەشکردن لە سیستەمی پیشەسازیدا کە لە ئینگلتەڕا لە نیوەی سەدەی 17وە سەری هەڵداو لە سەدەی 18 کۆتایی پێهات وانەبوو؟ جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو کاردابەشکردنەی لە پیشەسازی نوێدا بەرچاو دەکەوێتو کە خاوەن پیشەسازی قەبەیە.

برودون دوورە لە راستییەوە چونکە ئەمەی پشتگوێ خستووە, لەگەڵ ئەوەی ئابووریناسە نا پوختەکانیش هەوڵی ئاشکراکردنی دەدەن, ئەوە کاتێك باس لە کاردابەشکردن دەکات پێویستە باس لە بازاڕی جیهانی بکات, باشە, بەڵام نابێت ئەو کاردابەشکردنەی کە برودون باسی دەکات لە سەدەکانی (14-15) کاتێك هێشتان داگیرکەران بەو شێوە فراوانە پەیدا نەببوون وەك ئەمریکا کە برودون ئاماژەی پێدەکاتو ئاسیای رۆژهەلات کە پەیوەندی لەگەڵیدا لە رێگەی قوستەنتەنییەوە بووە, جیاوازبێت لەگەڵ ئەو شێوەیەی کە لە سەدەکانی 17 باوبوو لە کاتی گەشەسەندنی داگیرگەکان؟

ئەمە هەموو بابەتەکە نییە, ئایا هەموو رێکخستنە ناوخۆییەکانی میللەتانو سەرجەم پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەربڕی تەنها زاراوەیەکی تایبەتی کاردابەشکردنە؟ پێویست ناکات هەموو ئەمانە گۆڕانکاری بەخۆوەببینن, بە گۆڕانی کاردابەشکردن؟ برودون کەم لە بابەتی کاردابەشکردن گەیشتووە هەتا ئەو ئاستەی ئاماژە

**پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئامێر وەك دەرئەنجامێك بۆ پێداویستییەکانی بازاڕ گرنگی تایبەتی خۆی بوو**

بە جیاوازی نێوان شارو لادێ ناکات، ئەم پێناسەیە بوونی هەبوو بۆ نموونە لە ئەڵمانیا لە سەدەکانی 17 تا 18 بەم شێوەیە، سەبارەت بە برودون ئەم جوداکردنەوە یاسایەکی هەمیشەییە، چونکە ئەو هیچ زانیارییەکی نییە لەسەر بنەڕەت و پەرەسەندنی و لە پەرتوکەکەشیدا بەشێوازێك دەدوێت کە داهێنەری جۆرێکی تایبەتی بەرهەم هێنانە کە بەردەوامی دەکێشێت هەتا کۆتایی رۆژگار، هەموو داواکانی برودون لەسەر کاردابەشکردن پوختەیەکی بێ واتایە وەك ئەوەی ئادەم سمیث و هەزارانی تری وەك ئەو قسەیان لەسەر کردووە.

پەرەسەندنی دووەم بریتییە لە ئامێر، پەیوەندی نێوان ئامێرو کاردابەشکردن لای برودون پەیوەندییەکی سۆفیگەرانەیە، هەر جۆرێك لە جۆرەکانی کاردابەشکردن ئامرازو کەرەستەی بەرهەمداری تایبەت بەخۆی هەیە، لە نێوان نیوەی سەدەی 17و نیوەی سەدەی 18 خەڵکی هەموو کەل و پەلێك و کالآیەکیان دەستکردنەبوو، بەڵکو ئامێرو کەرەستە بوونیان هەبووە بەڵام ئامرازی زۆر ئاڵۆزبوون، بەم پێیەش هەڵێنجانی بیرۆکەی ئامێر لە کاردابەشکردنەوە نەزانییە.

ئەتوانم تێبینی ئەوەش بکەم، کە برودون لە ناوەڕۆکی گەشەکردنی ئامێرو تەنانەت لە پێشکەوتنیشی نەگەیشتووە، هەموو کەسێك دەتوانێت بڵێت هەتا ساڵی 1825 ئەو ساڵە بە ساڵی قەیرانی گەورە ناوزەند دەکرێت، چونکە داواکاری بەکارهێنان بە خێرایی روو لە زیادبوون بوو بە بەراورد لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنان، بۆیە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئامێر وەك دەرئەنجامێك بۆ پێداویستییەکانی بازاڕ گرنگی تایبەتی خۆی بوو، لە ساڵی 1825وە داهێنان و بەکارهێنانی ئامێر بەدی دەکرێن کە ئەمەش ئەنجامێکی ئەو جەنگە بوو کە لە نێوان کرێکارانەوە بەکارهێنران، بەڵام ئەم

بارودۆخە راستییەکە تەنها ئینگلتەرا دەگرێتەوە, سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامێر لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانی تردا, تەنها بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو کێبڕکێیە بوو کە لە بازاڕەکانیانو بازاڕەکانی جیهاندا بوو, لە کۆتاییدا هاتنە ئارای ئامێر لە ئەمریکای باکوور ئەگەڕێتەوە بۆ کێبڕکێی دەوڵەتانی ترو پڕکردنەوەی کەمی دەستی کار, واتە بەهۆی نەبوونی گونجان لە نێوان دانیشتوانی ئەمریکاو پێداویستییە ئابوورییەکان, بە خوێندنەوەی ئەم راستیانە دەتوانیت تێبینی ئەوە بکەیت کە برودون قسە لەسەر دەسەڵاتی ئامێر دەکات وەك پەرەسەندنی سێیەم, واتە بیرۆکەی دژیەکی ئامێر (Antihesis) لە کۆتاییدا دەڵێین نەزانییە ئەگەر ئامێر بکەین بە شێوازێکی ئابووری بە ئاراستەی کار دابەشکردونو رکەبەرکێو دەستمایەی نەختیو هتد. بڕوات..

بەکارهێنانی ئامێر شێوازێکی ئابووری نییە ئەوەندەی ئەو (گایەی) کە ئامێری گاسن بە دووی خۆیدا رادەکێشێت بە شێوازێکی ئابووری دادەنرێت, بەکارهێنانی ئامێر لە کاتی ئێستادا دادەنرێت بە یەکێك لە پەیوەندییەکانی رێبازی ئابووری سەردەم, بەڵام ئەو رێگەیەی کە ئامێری تێدا بەکاردێت تەواو جیاوازە لە خودی ئامێرەکە, (بارووت) هەر بە بارووتی دەمێنێتەوە جا چ بۆ بریندارکردنی مرۆڤ بەکاربێت یاخود, بۆ تیمارکردنی.

برودون سەرکەوتووە لەوەی کاتێك رێگە بە رکەبەرکێو قۆرغ کاریو باجو تەرازووی بازرگانیو دەستمایەی نەختیو موڵکایەتی کە پەرەبسەنێو گەشە بکات بەو شێوازەی کە لە هزریدا نەخشەی بۆ کێشاوەو باسی لێوە دەکات.

لە سەرەتای سەدەی 18 سەرجەم دەزگا بانکییەکان تا رادەیەك پەرەسەندنیان بەخۆوە بینی پێش داهێنانی ئامێر, هەروەها دەستمایەی نەختیی گشتی رێگەیەکی نوێ بوو بۆ زیادکردنی باجو تێرکردنی داواکارییە نوێیەکان, خوڵقاندنی ئەو بارودۆخەش دەرئەنجامی دەست بەسەرداگرتنی بۆرجوازییەت بوو بەسەر دەسەڵاتدا, لە کۆتاییدا شێوازی کۆتایی بە رێگەی برودون پێك دێت لە موڵکایەتی, کاردابەشکردنو هەموو شێوازەکانی برودون لە جیهانی واقیعیدا بنەڕەتێك پێك دەهێنن کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت موڵکایەتی, کەواتە موڵکایەتی بۆرجوازی بەدەر لەم چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانە هیچ بنەمایەکی نییە تەنها خەیاڵی میتافیزیقییە, موڵکایەتی بارودۆخی جیاوازی هەیە, لەوانە موڵکایەتی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای کۆمەڵە پەیوەندییەکی جیاواز گەشە دەکاتو پەرە دەسێنێ بەڵام برودون موڵکایەتی بە پەیوەندییەکی سەربەخۆ دادەنێت, بۆ ئەم بۆچوونەش تەنها لە هەڵەوە نزیکترە نەك بەڵگەیەکی دروست, وا دەردەکەوێت دەرکی بەو ئاستە نەکردووە کە سەرجەم جۆرەکانی

**ئەو**
**برودونەی کە**
**ناڕوانێتە دەزگا**
**کۆمەڵایەتییەکانمان**
**وەك دەرئەنجامێکی**
**مێژوویی-ناتوانێت**
**لە ناوەڕۆك و**
**پەرەسەندنەکانی**
**بگات تەنها ئەوە**
**نەبێت کە بتوانێت**
**رەخنەیەکی**
**دۆگمایی لەسەر**
**دابڕێژێت.**

بەرهەمهێنانی بۆرجوزای کۆدەکاتەوە, هەروەها لە سیفەتە مێژوویی و گواستراوەکانی شێوەکانی بەرهەمهێنان نەگەیشتووە لە ماوەو کاتی دیاریکراودا..

ئەو برودونەی کە ناڕوانێتە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانمان وەك دەرئەنجامێکی مێژوویی-ناتوانێت لە ناوەڕۆك و پەرەسەندنەکانی بگات تەنها ئەوە نەبێت کە بتوانێت رەخنەیەکی دوگمایی لەسەر دابڕێژێت.

برودون ناچارە پەنا بباتە بەر ئەفسانەکەی بۆ لێکدانەوەی گەشەو تەواوکاری, باوەڕی وایە کە کاردابەشکردن و دەستمایەی نەختی و ئامێرو هتد.. داهێنراوە بۆ خزمەتکردنی بیرۆکە جێگیرەکەی, واتە بیرۆکەکەی لەسەر یەکسانی, لێکدانەوەکەی سادەو ساکارە, ئەم چەمکانەی داهێنراوە لە بەرژەوەندی یەکسانی, بەڵام بەداخەوە دژیەکن, ئەمەش بنەمای وتووێژو گوتارەکانێتی, بە واتایەکی تر, بە ئەنجامێکی خۆڕایی دەگات, لە هەمان کاتدا تەواوکاری و پەرەسەندنی ئاسایی لە سەرجەم خاڵەکاندا دژی ئەفسانەکەیین, دەردەکەوێت کە دژایەتییەك هەیە, چونکە ئەو واقیعە کە دەشارێتەوە, دژایەتیش تەنها لە نێوان بیروبۆچوونە جێگیرەکانی و بزاڤی راستەقینەدا هەیە.

بەم شێوەی برودون لەگەڵ ئەوەی کەم و کورتی لە زانیارییەکانیدا هەیە سەبارەت بە مێژوو دەرکی بەوەش نەکردووە هەتا مرۆڤەکان هێزە بەرهەمدارییەکانی خۆیان بەرەوپێش بەرن, واتە هەتا ژیانیان بەردەوام بێت کەسەکان پەیوەندی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر بنیاددەنێن, سروشتی ئەم پەیوەندییانەش گۆڕانیان بەسەردا دێت بەهۆی گۆڕان و گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان, هەروەها دەرکی بەوەش نەکردووە کە شێوازەکانی بەرهەمهێنان زاراوەی داماڵراون لەم جۆرە پەیوەندییانەدا, ئەمەش راستییەکی هەمیشەییە هەتا ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بێت, بە هەمان

شێوەی ئابووریناسە بۆرجوازییەکان کەوتۆتە هەڵەوە کە پێیان وایە شێوازە ئابوورییەکان هەمیشەیینو پێیان وانییە کە یاسای مێژووییینو تەنها پەرەسەندنێکی مێژوویی دیاریکراون, یاخود پەرەسەندنێکی دیاریکراوی هێزەکانی بەرهەمهێنانن, لە بری ئەوەی وا دابنێن کە شێوازە ئابوورییە رامیارییەکان زاراوەی دامالڕاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە راستەقینەو گوزاراوەو مێژووییەکانە, ئەم دامالێنانە بنەڕەتی نووستوو بوونە لە دڵی خودای باوك هەر لە سەرەتای جیهانەوە.

بەڵام برودونی پیاوچاك ئەکەوێتەوە قەیرانی عەقڵی توندەوە, ئەگەر هەموو شێوازە ئابوورییەکان لە دڵی خوداوە سەرچاوەیان گرتبێت, کەواتە وەك ژیانی مرۆڤ بەردەوام شاراوە دەبوو, چۆن برودون بانگەشەی شتێك دەکات بە ناوی گەشەسەندنو تەواوکاری لەگەڵ ئەوەی برودون پارێزگارنییە, لێکدانەوەی بۆ ئەو دژیەکانە بە کۆمەڵێکی تەواو دژیەکی تر بۆ ئەوەی رۆشنایی بخەینە سەر ئەم رێبازە دژیەکە نموونەیەك دەهێنینەوە.

قۆرغکردن شتێکی باشە چونکە شێوازێکی ئابوورییە کەواتە لە خوداوە سەرچاوەی گرتووە, رکەبەرکێ شتێکی باشە چونکە شێوازێکی ئابوورییە, بەڵام ئەوەی کە چاك نییە راستی قۆرغکردنو راستی رکەبەرکێیە, لە هەمووی خراپتر واقیعەکە کە تێیدا رکەبەرکێو قۆرغکردن یەکتر قووت دەدەن, پێویستە چی بکەین؟ لەبەر ئەوەی ئەم دوو بیرۆکە لە خوداوە سەرچاوەیان گرتووە دژی یەکترن, کەواتە روونو ئاشکرایە برودون دەیەوێت لە ناخی خوداوە دەرئەنجامێك (synthesis) بۆ هەردووکیان بدۆزێتەوە.

چونکە کارەساتو مەترسییەکانی قۆرغکاری بەرامبەر بە بوونی رکەبەرکێو بە پێچەوانەوە, دەرئەنجامی ململانێی نێوان هەردوو بیرۆکەکە لایەنە باشەکانی دەردەکەوێت, پێویستە لەسەر تاك ئەم بیرۆکە نهێنییە لە خودا وەربگرێتو جێبەجێ بکات بەم جۆرەش کەسەکان بەرەو باشتربوون دەچن, بنەڕەتەکەش دەرئەنجامی بیرۆکەی synthesis ە کە لە تاریکاییەکانی راستی مرۆڤایەتی تاکەکەسی شاراوەیەو پێویستە دەرکەوێت بە رووی رووناکیدا.

ئێستا ساتێك بڕوانە ژیانی واقیعی, لە ژیانی ئابووری ئەمڕۆدا رکەبەرکێو قۆرغکاری بەدی ناکرێت بەڵکو دژەکانی synthesis بەدی دەکەین, ئەم دەرئەنجامەش بنەڕەتێك نییە بەڵکو جوڵەو بزاڤێکە, قۆرغکاری رکەبەرکێ دروست دەکاتو رکەبەرکێ قۆرغ کاری, بەڵام ئەم هاوکێشەیە, ناتوانێت ئاستەنگەکانی ئەم رەوشەی ئێستا بنەبڕ بکات وەك

ئەوەی ئابووریناسە بۆرجوازییەکان بۆی دەچن, دەرئەنجامەکەی زۆر گرانو پەشێو دەبێت, ئەگەر گۆڕانکاری لەو بنەمایانە بکرێت کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی سەردەمی لەسەر راوەستاوەو ئەگەر جۆری بەرهەمهێنانی سەردەمی ئێستا بنەبڕ بکرێت, ئەوکات ناتوانرێت دەست بگیرێت بەسەر یەکگرتووییو دەرئەنجامەکانی synthesisو بەسەر جوڵەیان کە ئەویش تەنها یەکسانییەکی نێوان رکەبەرکێو قۆرغ کاریە.

ئێستا نموونەیەکت پێشکەش دەکەم لەسەر دیالیکتیکی برودون" ئازادیو بەندایەتی دژیەکن, بە پێویستم نەزانی کە باس لە هەردوو لایەنی باشو خراپی بدوێم, بەڵام بە گرنگم زانی لەسەر لایەنە خراپەکانی بدوێم, ئێمە باس لە بەندایەتی راستەوخۆ بەندایەتی پڕۆلیتاری ناکەین, بەڵکو لەسەر بەندایەتی راستەوخۆ واتە بەندایەتی رەچەڵەکێ رەش وەك لە سۆرنیامو بەرازیلو ویلایەتەکانی باشووری ئەمریکای باکوور, بەندایەتی راستەوخۆ تەوەرەی پیشەسازییەکانمانە هەروەك دەستمایەی نەختینەییو هتد.. بەبێ بەندایەتی لۆکە بەرهەم نایەتو بەبێ لۆکەش پیشەسازی نوێ بوونی نییە, بەندایەتی بەهای بە داگیرگەکان بەخشیو داگیرکەر بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی خولّقاند, بازرگانی نێودەوڵەتی مەرجێکی سەرەکییە بۆ پیشەسازی ئامێری خاوەن بەرهەمداری قەبە, بەم شێوەیە پێش سەرەتای بازرگانیکردن بە بەندەوە, داگیرکاران بەرهەمدارییەکی کەمی بە جیهان دەبەخشێ کە کاریگەری ئەوتۆی نەبوو, بەم پێیە بەندایەتی شێوازێکی ئابووری خاوەن گرنگی تایبەتە ئەگەر بەندایەتی نەبوایە ئەمریکای باکور کە گەورەترین دەوڵەتی پێشکەوتووە, دەبوو بە زەویەکی یۆتۆپی تەنها لابردنی ئەمریکای باکور لەسەر نەخشەی جیهانی پەشێوی سەرهەڵدەدات واتە رووخانێکی گشتی بۆ بازرگانیو شاری نوێ, بەڵام بۆ نەهێشتنی بەندایەتی واتە لەناوبردنی ئەمریکای باکور لەسەر نەخشەی جیهان لەبەر ئەوە بەندایەتی شێوازێکی ئابوورییە, هەر بۆیە لە سەرجەم میللەتاندا لە سەرەتای جیهانەوە بەدی دەکرێت, میللەتانی سەردەم زانی چۆن بەندایەتی بشارێتەوە لەگەڵ ئەوەی دەرگای والاکرد لەسەر ململانێ خوازانی لە جیهانی نوێدا.

دوای ئەم تێبینیانە لەسەر بەندایەتی برودون چۆن لەسەر قسەکانی دەڕوات؟ ئەگەر بێتو بە دوای بیرۆکەی synthesis ئازادیو بەندایەتی کە کەرەستەیەکی ئاڵتوونییە بۆ هاوسەنگ بوونی نێوان بەندایەتیو ئازادی.

برودون وا تێگەیشتووە کە خەڵك پۆشاكو ئاوریشمو لۆکە بەرهەم دەهێنن، ئەمەش بەختێکی باشە بۆی بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، بەڵام ئەو شتەی کە تێی نەگەیشتووە توانای خەڵکەکەیە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنن بەپێی بەرهەمهێنانی مادییان، هەروەها شێوازە ماددیو هزرییەکان بەرهەم دەهێنن واتە ئەو زاراوە میثالییە داماڵراوە دەربڕی هەمان جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە، شێوازەکان ئەوەندەی پەیوەندییەکان هەمیشەیی نین، بەڵکو شێوازەکان گواستراوەو مێژووین، بەڵام بەلای برودونەوە پێچەوانەیە، داماڵینەکان بەلای ئەوەوە مێژوو دەخولقێنن نەك خەڵك، ئەو شێوازو داماڵینەی وەرگیراوە بەو جۆرە، کە جیاوازە لە خەڵكو چالاکییە ماددییەکانیان، ئەمرو جێگیرو نەجوڵاوە، ئەمەش تەنها شێوەیەکی راستی پوختەیە کە کەرەستەیەکی ترو بەڵگەیەکە بۆ وتەکانمان کە داماڵین بەم رێگەیە بیرۆکەیەکی داماڵراوە.

ئەگەر بەم جۆرە بڕوانینە شێوازەکان، ئەوا شێوازە ئابوورییەکان بە تێڕوانینی برودون بنەڕەتی هەمیشەیینو هیچ بنەماو پێشکەوتنێکیان نییە.

بە رێگەیەکی تر، برودون راستەوخۆ ناڵێت کە ژیانی بۆرجوازی راستییەکی هەمیشەییە! بەڵکو راستەوخۆ بەهۆی شێوازەکانەوە بەشێوەی بیرۆکە گوزارشت لەو پەیوەندییە ئابوورییانە دەکات، باس لە بەرهەمی کۆمەڵگای بۆرجوزای دەکات کە وادەکات دروستکراوە هەمیشەییەکان جیابکرێنەوە، بە ژیانێکی تایبەت کاتێك بەشێوەی شێوازەکان یاخود بەشێوەی بیرۆکە دەریان دەخات، بەم جۆرەش لە تەوەرەکانی بۆرجوازییەت دەرناچێت، ئەو راستییە هەمیشەییەی کە پێشتر دەیسەپێنێ، لە رێگەیەوە هەوڵدەدات بگات بە دەرئەنجامێك بۆ بیرەکەی synthesis بۆ هاوسەنگی نێوان بیروبۆچوونەکانی، چونکە پێی وانییە ئەو رێگەیەی ئێستا کە دەیگەیەنێت بە هاوسەنگیو یەکسانی تەنها رێگەیەکی فەراهەم بێت.

برودون هەمان کاری بۆرجوازییە پیاو چاکەکان دووبارە دەکاتەوە، هەموویان ئاماژە بەو پرەنسیپە دەکەن کە گوزارشت لە داماڵینی بیرو رکەبەرکێو قۆرغکاریو هتد.. کە بنەڕەتو بنەمای ژیانن بەڵام لە واقیعدا دەچێتە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردنەوە، هەموویان داوای رکەبەرکێ دەکەن بەبێ بیرکردنەوە لە شوێنەوارەکانی رکەبەرکێ، کە ئەمەش داوایەکی مەحاڵە، واتە داوای مەرجەکانی بۆرجوازییەت دەکەن بەبێ گوێدانە

دەرئەنجامــەكانی ئــەم مەرجانــە, هــیچ یــەكێكیان لــە شــێوەكانی بۆرجوزایــەت لــە بەرهەمهێنانی مێژوویی‌و گواستراوە نەگەیشتوون, هەروەك چۆن شێوەی دەرەبەگایەتی گواستراوەو مێژوویی بووە, هەڵەكە لەوەدایە كە بەلای ئەوانەوە پیاوی بۆرجوزای تەنها بنەڕەتێكە بۆ هەموو كۆمەڵگەكان.

## گۆڕینی دەرئەنجامەكانی كۆمەڵگە

برودون ناتوانێت چاكسازی لەو دژ یەكانە بكات تەنها بە بنەبڕكردنی بنەماكانی ئەو دژیەكانە نەبێت.

ئەو وەك رامیارییەكی مەبدەئی ئەیەوێت پاشاو ئەنجومەنی پیران‌و ئەنجومەنی نوێنەران بەشێك بن لە ژیانی كۆمەڵایەتی‌و شێوازەكانیش هەمیشەیی بن, هەموو بەدواداچوونەكانی برودون بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتێیەكی نوێیە بۆ هاوسەنگی نێوان ئەم هێزانە كە پشت بە بزاڤێكی ئاسایی دەبەستێت كە جارێك بزاڤێكی ئازادیخوازی پوختەو جارێكی تر بەندایەتی بێت, ئەمەش ئەقڵە نەزانەكانی سەدەی 18 بوو كە سەرقاڵی دۆزینەوەی بنەڕەتێكی یەكسان‌و هاوسەنگ بوون لە نێوان مولكایەتی كۆمەڵایەتی‌و خانەدان‌و پاشاو پەرلەمان, بەیانییەكیش ئەم ئەقڵانە بە خەبەرهاتنەوە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی كە ئێستا, پاشاو پەرلەمان‌و خانەدان بوونیان نەماوە, دۆزینەوەی هاوسەنگی‌و یەكسانی نێوان ئەم دژانە دارمانی سەرجەم پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە كە بنەمایەكە بۆ خزمەتكردنی چەمكەكانی دەرەبەگایەتی‌و چەمكە دژیەكەكان.

لەبەر ئەوەی برودون هزرە هەمیشەیی‌و شێوازە دروستە پوختەكان لەلایەك‌و دروستكراوە مرۆیی‌و ژیانی واقیعی كەلای ئەو جێبەجێكاری ئەو شێوازانەن لەلایەكی تر دادەنێت, بۆیە تاك لای بردوون ئاوێتەیەكی نێوان هزرو ژیانی نێوان جەستەو رۆحێتی, ئەم ئاوێتەبوونەش بە چەند شێوازێكی جۆراو جۆر دەردەكەوێت, دەتوانین تێبینی ئەوە بكەین كە ئەم دژیەكییە تەنها لاوازی (برودون)ە لەتێگەیشتنی بۆ بنەڕەتە گەندەڵەكان‌و مێژووی شێوازە گەندەڵەكان.

برودون پیاوێكی مەبدەئییەو هەروەها بزاڤی مێژوویی كە جیهانی سەرەو ژووركردووە لە بابەتی دۆزینەوەی هاوسەنگییەكی پوخت كردۆتەوە, واتە دەرئەنجامی بیرۆكەیەك بۆ دوو بیرۆكەی بۆرجوزای, برودون بە لێهاتوویی خۆی دەتوانێت بیرۆكەی (خودای پەنهان) بدۆزێتەوە, واتە یەكگرتنی دوو بیرۆكەی دابڕاو, دابڕاوە لەبەر ئەوەی برودون دایبریوون

لـه واقیعـی ئـەو ژیانـەی کـه لـه بەرهـەمهێنانی ئێستا سەرچاوەیان گرتـووە, واتـه لـه یەکگرتنی ئەو راستیانەی دەربڕی ئەو رەوشەن.

لـه بـری ئـەو بزاڤـه مێژووییـه گـەورەی کـه بەرهـەمی ململانێـی نێـوان هێزەکـانی بەرهەمهێنانـه کـه خـەڵکی بـەدی دەهێـنن‌و پەیوەندییـه کۆمەڵایەتییـەکانیان یەکسانین بـەهێزەکانی بەرهـەمهێنان‌و لـه بـری ئـەو جەنگـه ترسـناکەی کـه لـه نێـوان چـینه جیاوازەکانی هەر میللەتێ لە میللەتانی جیهان روودەدات, لە بری ئەو کارە توندوتیژەیان کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێی نێوان کۆمەڵەکان لە بری ئـەو بزاڤـه مێژووییـه ئـالۆزو درێژخایەنانـه, بـرودون بیرۆکـه ئەندێـشەییەکەی هـزری خـۆی دەخاتـەڕوو, بـەم شـێوەیەش پیـاوانی زانـست خۆیـان مێـژوو دادەڕێـژن, ئـەو پیاوانـەی کـه پارێزگـاری لـه بیروبۆچوونە نهێنییەکانی خودا دەکەنەوە, ئەرکی گشتی جێبەجێکردنی داوای پیاوانی زانستە.

ئێستا دەزانـین کـه بـرودون بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـه دژی بزاڤـی رامیارییـه هـەروەها چارەسـەری بـۆ پرسـەکانی ئێـستا بـه تێگەیـشتن لـه راسـتی‌و واقیعـی ئێـستا نییـه بـەڵکو بـەپێی لێکدانـەوەی خۆیـەتی, لەبـەر ئـەوەش شـێوازەکان لای بـرودون بـریتین لـه هێـزی پاڵنەر ئەوا پێویست ناکات ژیـان گـۆڕانی بەسـەردابێت لـه پێنـاو گـۆڕینی ئـەو شـێوازانه, بەڵکو به پێچەوانەوە, پێویستە لەسەر کەسـەکان شێوازەکان بگـۆڕن لـەپێناو بـاس ناکـەم دوورو درێژەو بوارێك نییە بـۆ ئـەوەی بـاس لـەو پێـوەرە بـێ واتایـەی بـرودون بکـەم کـه شیوعیەتی پێ هەڵدەسەنگێنێ, هیوام وایە کە کۆکبێـت لەگەڵمدا لەسـەر ئـەوەی پیاوێـك تێگەیشتنێکی ئەوتۆی نەبێت سەبارەت بە رەوشی ئێستای کۆمەڵگە, چۆن دەتوانێـت لـەو بزاڤـه بگـات‌و بەڵگـه لـه دژی بهێنێتـەوە, بـەو دەربڕینـه زاراوەییانـەی کـه وەسـفی بزاڤـه شۆڕشگێڕییەکانی پێدەکات.

تەنها خاڵێك کە من لەگەڵ برودون لەسەری کۆکم بریتییە لـه رق لێبوونـەوە لـه خـەوو, هەست‌و خەیاڵە ساختەکانی سۆسیالیستی یۆتۆپی گرتـووە, بـەڵام ئایـا بـرودون گەمـه بـه خودی خۆی ناکات کاتێك بۆرجوازیـەتی بـچووك -مەبەسـتی مـن لێـرەدا بۆچـوونەکانێتی دەربـارەی مەنزڵگـەو خۆشەویـستی هەمیـشەیی- ئـەکات بـه لایـەنێکی دژیـەکی هەسـتی سۆسیالیستی لەگەڵ ئەوەی فورییە قوڵتر لە برودون باسی لێوە کـردووە؟ بـرودون خـودی خۆی دەرك بەو کەڵێنە دیالیکتیکی‌و کەم تواناییەی لە لێکدانەوەی شتەکاندا دەکات, هەر بۆیەش زۆر بە تورەیی دەتەقێتەوەو پڕ بە دەم هاوارو نەفرین دەکات‌و لـه سـینگی خـۆی

دەدات, کە ئەو لە بەرامبەر خوداو خەڵکدا خۆی قێزەون ناکات بە خراپەکارییەکانی سۆسیالیستی, کەواتە ئەو تەنها رەخنە لە هەستەکانی سۆسیالیستی ناگرێت, بەڵکو نەفرینی دەکات, وەك پیاوێکی قەشە بە دەوری کونی ئاگردا گۆرانی بە باڵاو دروشمەکانی بۆرجوزای بچووك‌و خەیاڵاتە پاتریکییەکان دەڵێت‌و هەژارەکانیش بێبەش‌و پشتگوێ دەخات, ئەمەش رووداونییە, بەڵکو بروادون لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری فەیلەسووف‌و ئابووریناسێکی بۆرجوزای بچووکە, بۆرجوازی بچووك لە کۆمەڵگای پێشکەوتوو لەلایەکی سۆسیالیستییە‌و لەلایەکی ترەوە ئابووریناسە واتە بۆرجوزایە‌و پیاوێکی میللیە, ئەو لە ناخی خۆیەوە خیانەت لە هەردووکیان دەکات چونکە لایەنگری هیچ لایەکیان نییە, هەروەها پەی بەو یەکسانییە دروستە بردووە کە جیاوازە لە سەفسەتەی شتەکان, بۆرجوزاییەکی بچووك بەم جۆرە شکۆمەندی بەم جیاوازی‌و دژیەکییە دەبەخشێت.

چونکە ئەم جیاوازییە بنەمای بوونێتی, ئەو لە خودی خۆیدا هیچ نییە بەڵکو جیاوازییەکی کۆمەڵایەتییە لە جوڵەیەکی بەردەوامدا پێویستە بەشێوەیەکی تیۆری پاساو بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە واقیعییە‌و بروادون شایانی نازناوی وەرگێڕێکی زانستی بۆرژوازی فەرەنسی بچووکە ئەو شایانی بلیمەتییە چونکە بۆرژوای بچووك بەشێکی پێکهاتەیە لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییە هەڵواسراوەکان.

پێم خۆش بوو بمتوانیایە لەگەڵ ئەم نامەیەدا کتێبەکەم لەسەر ئابووری رامیاری بۆ رەوان کردیبایە؟ بەڵام مەحاڵ بوو لە ئێستادا ئەو کتێبە چاپکراوە‌و رەخنە لەسەر فەیلەسوف‌و سۆسیالیستە ئەڵمانەکان کە لە برۆکسڵ باسم بۆ لێوە کردبێت, بەدەست کەوتایە, نازانیت کە چاپکراوی کتێبێکی لەو جۆرە لەئەڵمانیا چەند ئەستەمە چونکە لەلایەن پۆلیس‌و فرۆشیاری کتێبەکان کە گرنگی دەدەن بە هەمو ئەو بابەتانەی من هێرش دەکەمە سەریان رووبەڕووی دژایەتی دەبنەوە, ئەوەی پەیوەستە بە پارتەکەمانەوە, نەك هەر هەژارو لاوازە بەڵکو بەشێکی زۆری ئەندامەکانی حزبی شیوعی ئەڵمانی لەمن زویر بوون, بەهۆی هێرشەکانم بۆ سەر نووسینە یۆتۆپیەکانیان.